# هێواش هێواش. . . !

نورەدین سەعید وەیسی

تا پێش شەڕیش، رژێمی بەعس لای پارتی ( (حکومەتی ناوەندی) ) بوو بگرە ناوبردنیشی بە ( (رژێم) ) بڤەبوو، چونکە زەرەری بۆ پەز هەبوو، لەچەندین ساڵیادی ئەنفال وکیمیابارانکردنی هەڵەبجەشدا راگەیاندنی پارتی ویەکێتی خۆیان لە ناوبردنی رژێمی ئینسانخۆری بەعس دەپاراست، وەك بڵێی ئەوانە تەیرولئەبابیل کوشتبنی، کەچی هەنووکە میدیای پارتیو یەکێتی کەوتوونەتە هەڵدانەوەی دەفتەری ئەعمالەکانی بەعس ونەك هەر بەسەدام وکوڕەکانی ناوەستن، بەڵکو هێرشەکانیان گەیشتۆتە سەرحاجی مەجیدی باپیریشی. .

لە 31ی ئابدا نووسەرورۆژنامەنووسانی پارتی نەك هەرپاساوییان بۆ ئەوکارەساتە مەزنە هێنایەوە بەڵکوتەنزیراتیشیان بۆکردو وەکو دەسکەوتێکی نەتەوەییش لەقەڵەمیاندا وپێیانوابوو بەعس بۆتە جاشی کورد، یەکێتیش چونکە بۆ مەبەستی حزبی بازرگانی بەوخیانەتەوە دەکرد ماوەیەك رۆژنامەو گۆڤاری لەسەر 31 ىئاب دەرکرد وپاشان کەلەگەڵ پارتی ئاشت بووەوە مەسەلەکە بووە بەردی بن گۆمێ و متەقی لەخۆی بڕی. .

پێم سەیرە هەنووکە خەڵکانێکی زۆر عەودالی زانینی ناوی سەرکردە بەعسییەکانی پارتی ویەکێتین، چونکە ئەگەر کەسیان لەوئابرووچوونەدا داوێنیان پاکژبووایە، دەبوو لانی کەم و ( (اضعف الايمان) ) دەستیان لەکاربکێشابووایەوە تا تەڕو وشك بەیەکەوە نەسووتێن، کەتائێستا کەسیان ئەوەی نەکردووە مانای وایە کەشکیش برای دۆیەو عارەب گووتەنی

( (کلهم فی الهوی سوا) ) . . !

دەزانم سیاسەت وەك فارسەکان دەڵێن نەدایکی هەیەو نەباوك، دەشزانم لەسیاسەتدا دۆستایەتیو دوژمنایەتی هەمیشەیی نییەو بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە، لێ پێموایە ( (محەمەد سەعید سەحاف) ) زۆر لەو نووسەرو قەڵەم بەدەستانە رووسوورترە کەهەتا دوێنێ لەبەرامبەر تاوانەکانی بەعسدا خۆیان کردبوو بەکەڕەی شەربەت و هەندێ جار پاساویشیان بۆ دەست تێکەڵاوکردن وکلك گرێدان لەگەڵ بەعس دەهێنایەوە، هەنووکەش لەماراسۆنی جنێودان بەبەعسدا شەڕە خەنجەریانە. . !

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.